# KURDISH DIASPORA

تاراوگە بڵاوکراوەیەکی ئەلکترۆنیی ناوبەناوە،
لە شاری ئەمستردام لە هۆڵەندا دەردەچێت،
ژمارە 1ی لە ڕۆژی 2018-06-01 بڵاوبۆتەوە.
سەردار فەتاح ئەمین سەرپەرشتی دەکات.

TARAWGA تاراوگە

تاراوگە TARAWGA

**05 Maart. 2019 No. [40]**
Amsterdam, Netherlands, Editor: Sardar Fatah Amin -Email: Sardarfatah@live.nl Tel: +31 684950807

**لە تاراوگەدا، بابەتی کەلتوری هەمەجۆر و هەواڵی ئەدەبی و هونەری بخوێنەوە..**

ئایا کورد لە پاکستان هەیە...؟ ... ل 1 ل 2 .

چاوخشاندێک بە چەند ژمارەیەکی تاراوگەدا.... نوری کەریم/ ئەڵەمانیا.. ل 3، ل 4، ل 5 و6 بەشی یەکەم.

هەندێ ڕاستیی مێژوویی و جوگرافی، تا ساڵی 1923 نە وڵاتێک، نە شارێک، نە ئاواییەک، نە دەوڵەتێک لە سەر نەخشەی جیهان و ڕۆژهەڵات نەبووە بە ناوی تورکیا، دکتۆر جەبار قادر – ل 6

ڕۆڵی هونەرمەندی ناسراوی کورد سیروان جەمال (سیروانی کەشکۆڵ)

لە شانۆی هۆڵەندیدا.. ل 7

هونەرمەندی شێوەکاری کورد
ڕەمزی قوتبەدین...ل8



KURDISH DIASPORA

سەردار فەتاح ئەمین
سەرپەرشتی بڵاوکردنەوەی دەکات
Amsterdam Holland

تاراوگە
TARAWGA


بڵاوکراوەیەکی کوردیی هەوا ڵییە، لە هۆڵەندا دەردەچێت

5 April 2019 | Tel&viber&WhatsApp: +31684950807
Emai: sardarfatah@live.nl | ژمارە 40 | 5 ئەپریلی 2019

# ئایا کورد لە پاکستان هەیـــــە...؟

## کورتەیەک لە ژیانی
## میر عەبدولڕەحمان و کوردەکانی پاکستان..

**عەلی بانەیی-نیوزیلاندا**



عەبدولڕەحمان کورد ڕۆڵێکی مەزنی هەبووە، لەناو کوردەکانی "بەلوچستان" هەر لەسەرەتای ژیانییەوە. ئاشنایەتی هەبووە بەسەرکردەکانی کوردەوە. ئەم کەسایەتییە لەناو کوردەکانی پاکستان زۆر خۆشەویست بووە، کەسێکی بەتوانا و بەئەمەک بوو، لەکاری ڕامیاریدا.. کەسایەتی عەبدولڕەحمان کورد، کەسایەتییەکی ڕاستەقینەو شۆڕشگێڕ بوو لەبەلوچستان. هەمیشە لەخەبات و تێکۆشاندا نەوەستاوە و لەدژی داگیرکەرانی کوردستان بابەتی گرنگی نوسیوە. بەزمانی "بەراوی-ئینگلیزی" و چەند جار لە زیندانەکانی پاکستان بەندکراوە، لەسەر کاری سیاسی . کاتێک ئێمە لەپاکستان بووین. عەبدولڕەحمان کورد سەرۆکی "پارتی نەتەوایەتی " بووە. بەزمانی ئوردو پێیان دەگوت : "عوامی ناشناڵ پارتی"، کەسێکی زۆر ئارام و لەسەرخۆبوو لەهەموو ڕوویەکەوە، زۆر یارمەتی پەنابەرەکوردەکانی دەدا. بۆنموونە: ئەو کاتەی گۆڤاری کلاوڕۆژنە لەپاکستان دەردەچوو. لەهەموو ژمارەیەکدا یارمەتی مادی دەنارد بۆ گۆڤارەکە. ئەو پەنابەرانەی کەلەکوردستانەوەدەهاتن ڕوویان دەکردە"ڕێکخراوی مافی مرۆڤ " لە "کوێتەی پاکستان"، ئەوکەسانەی کە وەرنەدەگیران، وەزعی مادییان زۆر خراپ بوو .







لەو کاتەدا عەبدولڕەحمان کورد و کوردەکانی تر دەبوونە پەناگەیەک بۆئەو کوردانە. شوێنوڕێیان لەلایەن ئەوانەوە بۆ دابین دەکرا و یارمەتی مادیش دەدران... لەبەلوچستان چەند کەسایەتییەکی کورد هەبوون وەک: میر عەبدولڕەحمان کورد. سەرداردینارخان کورد، میرعەبدولعەزیز کورد، ئەسکەندەر کورد، هەروەها ئەڵڵا دینار خان کورد، کەباوکی سەردار دینار خان کورد بوو. کوردەکانی پاکستان لەهەموو یادە نەتەوەییەکان بەشدارییان دەکرد. لەیادی هەڵەبجەی شەهید و نەورۆزدا گوتاریان بەزمانی ئینگلیزی دەخوێندەوە. لەغەم و خۆشی کوردەکان هاودەنگ بوون.

یەکەمین قارەمان کە لەساڵی 1920 کۆچی دواییکرد، میر عەبدوڵعەزیز بوو، کە لەگەڵ سەرۆکە سیاسییەکانی کوردستانی باشور و ڕۆژهەڵات پەیوەندی نامەگۆڕینەوەی هەبووە. نامەکانی مەلا موستەفای بارزانی لەلای عەبدولڕەحمان کورد پارێزراو بوو، کە کاتی خۆی بۆ باوکی نێردرابوو.

بڕوانە: ل 2

## لە هەڵبژاردنی ساڵی 1970 ی پاکستان بۆ ئەنجومەنی سەنا دوو کەسایەتی کورد بۆ نوێنەرایەتی هەڵبژێران. میر عەبدولڕەحمان کورد بە ئەندامی ئیسمبلی لەگەڵ مەحمود عەزیز کورد.

پاشماوەی ل 1

کوردی هەمیشە لەیادم و هاوڕێی نزیکم میر عەبدولڕەحمان کورد، لەساڵی 1930 لەدەشتی "قەڵعە" نزیک شاری "کویتە"ی بەلوچستان لەدایکبووە، هەرلەسەرەتای ژیانییەوە ئارەزوی خوێندنی هەبووە. دوای تەواوکردنی خوێندن، کە لەزانکۆی "پەنجاب" تەواوی کرد، دەستی کردووە بەکاری ڕامیاری و بووە بەئەندامی "پارتی نیشتمانی قەڵعە لەبەلوچستان". هەر لەوکاتەوە هەستی بەئازارەکانی گەلە بندەستەکەی کردووە، کەکورد دابەشکرابوو، بەسەر چوار دەوڵەتی خاوەن هێز و دەسەڵات. کاتێک کەبەشداری پارتی ڕامیاری بوو. واتە"پارتی نەتەوایەتی بەلوچستان" خەباتیان دەکرد، بۆ وەرگرتنی ئۆتۆنۆمی بەلوچستان. میر عەبدولڕەحمان کورد، چەند جار لەسەر کاری سیاسی گیراوە. لە ساڵەکانی 1962.. 1965.. 1975.. 1976.. 1977.. خراوەتە زیندانەکانی پاکستان، هەروەها بۆ ماوەی پێنج ساڵ بەردەوام لە بەڕێوەچوونی ڕۆژنامەیەک بەناوی (هەنارەکاروان)، واتەکاروانی خۆمان.. چەندجار وەک سەرۆکی پارتی نەتەوایەتی عەوامی بانگ کراوە، بۆ وڵاتان لە ساڵی 1987 سەردانی "کابول و جەلال ئابادی ئەفغانستانی کردووە، چاوی بەسەرۆکی ئەفغانستان کەوتووە، "دکتۆر نەجیبوڵلا ".. لەکاتی لاوێتیدا حەزی بە وەرزش کردبوو. وەک خۆی جارێکیان بۆی باسکردین، کەچوون بۆ هیندستان بۆ یاری تۆپی پێگوتین: ئێمە بەناوی تیپی کورد چووین کە یارییەکە تەواوبوو. کۆمەڵێک کوردی هیندستان هاتن بۆلامان، گوتیان:: ئێمەش کوردین، دوای ناساندنی یەکتری میوانداریان کردین و زۆر بەڕێزەوە بەڕێیانکردین، هەروەها گوتی: تا ئەو ساڵانەی دوایی نامەگۆڕینەوە هەبوو لە نێوانماندا. زیاتر ئەوباسی بۆگێڕاینەوە، کە لە هیندستان کورد هەیە. میر عەبدولڕەحمان کورد دوای 73 ساڵ. ماڵئاوایی لێکردین. واتە لە مانگی 11 ی ساڵی 2003 بەنەخۆشی دڵ کۆچی دوایکرد. ئێستا پێنج کوڕ و دووکچی هەیە لە بەلوچستان دەژین...ئەوکاتەی ئێمە پەنابەربووین، لەپاکستان نامیلکەیەکی چەند لاپەڕەیی بڵاوکرایەوە بەناوی (کورد و بەلوچ). لەم کورتەنوسینەدا بڵاوی دەکەمەوە تاوەکو خوێنەر کەڵک لەو کورتەمێژووەوەربگرێت. واتە نوسینی کورد و بەلوچ لەزمانی میر عەبدولڕەحمان کورد وەرگێڕاوە بەکوردی. کورد و بەلوچ هەرلەدێر زەمانەوە، بەدوو دراوسێ ناویان هاتووە. میر عەبدولڕەحمان کورد دەڵێت: کورد لەو ویلایەتانە پێش سەدساڵ ژیانیان بەسەر بردووە. (بەلوچستان،سند، پەنجاب)، ئێستا هەرلەم جێگایانە و زۆر جێگای تر کورد هەیە. کوردەکان لە ویلایەتی بەلوچستان بەناوبانگن و گرنگییەکی تەواویان پێدراوە. کوردەکان لەدەوروبەری "بۆلان، ساروان، جهاولان" لە شارەکانی تریش، وەک "سند و پەنجاب و ناحییەی ڕوجهان"، نیشتەجێ بوون و دابونەریتی خۆیان پاراستووە، لەهەموو شوێنێک بەناوی کورد ناسراون. لە کتێبی شانامەی فەردۆسی باسی "کۆچ و بەلوچ و کورد" کراوە. دۆستایەتی قوڵی "کورد و بەلوچ" هەر لە دێر زەمانەوە ڕوون و ئاشکرایە، کەکوردەکان لە"دەشت نیشتەجێبوون" کە فەردوسی باسی دەکات بەناوی گۆڕەپانی شەڕی "ڕۆستەم و کک" ناوی دەبات. ناوچەی دەشت لەدیوی ڕۆژهەڵاتی کێوی "چلتەنە" لەناوەندی " دۆڵی بۆلانە" ئێستاش هەر بەناوی "دەشت" ناسراوە، دوو دەشتی پان و گەورەی هەیەکەبەناوی دەشتی خەرگا و دەشتی شاهرامی هیندوستان زۆر بەناوبانگن. دەشتی ڕێگای هیندوستان ڕێگایەکی دورودرێژە، کە لەدۆڵی بۆلانەوە بۆیدەچێت لەدەشتی خەرگا شارێکی گەورەی تێدا دروستکراوە، بەناوی (مەستونگ) کە زۆربەی شارەکە کوردە.. لەم کورتەباسەدا دیاردەکەوێت، کە کوردەکان هەرلەکۆنەوە لە بەلوچستانی ئێستادا ژیاون، هەروەها "پشتۆ ، بەلوچ" لەگەڵ کوردەکان کشتوکاڵیان کردووە و ژیانیان بەسەر بردووە. ئێستاش کورد و بەلوچ پەیوەندییەکی دۆستانە لەنێوانیاندا هەیە، خزمایەتییەکی پتەو ڕەگی داکوتیووە لەڕێگەی ژن و ژنخوازییەوە کورد لەشوێنەبەرزەکانی میریدا پلەوپایەی تایبەتیان هەیەبۆ نمونە:

1- میرعەبدولڕەحمان کورد تائەوکاتەی لەژیاندا بوو ئەندامی پەرلەمان بوو لەئیسلامئاباد.

2- لەهەڵبژاردنی ساڵی 1970 ی پاکستان بۆ ئەنجومەنی سەنا دوو کەسایەتی کورد بۆ نوێنەرایەتی هەڵبژێران. میر عەبدولڕەحمان کورد بە ئەندامی ئیسمبلی. لەگەڵ مەحمود عەزیز کورد.

3- لەساڵی 1985 سەردار دینارخان، بەئەندامی ئیسمبلی هەڵبژێرا. کوردەکان زۆر شانازی بەکوردبوونی خۆیان دەکەن .لەمیوانداری زۆر بەناوبانگن .ئەوکوردانەی لەشاری کوێتەدەژین زۆربەیان لەبەردەم دەرگای ماڵەکانیان نوسراوە(کورد هاوس) هەروەها دوکانەکانیان یان کارخانەکانیان. من چەندینجار لە دێهاتەکانیان ماومەتەوە زۆر ڕێز لەمیوان دەگرن، هەروەها لە زەماوەندەکانیان بەشداریمان کردووە. هەوەک زەماوەندی کوردستان ئاهەنگیان گێڕاوە. جارێکیان چەند ماڵێک بانگکراین بۆ زەماوەند لەدێی (جەڵەگبەندان)، ئەوەی سەرنجی ڕاکێشام شەوی خەنەبەندان بوو، بەهەمان دەستوری لای خۆمان ئەو شەوەئاهەنگەیان بەڕێوەبرد. کوردەکان هیچ کاتێک سەریان بۆدوژمن شۆڕنەکردووە.وەک شێر پەلاماری دوژمنیان داوەهەستی نەتەوەیی و هوشیارییان زۆربەرزە. زۆربەی کوردەکان ئاڵای کوردستانیان لەناو ماڵەکانیاندا هەڵواسیووە. جارێکیان سەردانی شاری "کەراچی"م کرد چووم بۆزانکۆ بۆلای "ئیبراهیم کورد" کەقوتابی بوو لەبەشی ناوخۆی خوێندکارەکان ژووری خۆی هەبوو لەسەر دەرگاکەی نوسرابوو ئیبراهیم کورد . لەژوورەکەشی ئاڵای کوردستانی هەڵواسیبوو. لیاقەت دینارخان دەڵێت: کەئاوارەبووین کوردستان یەک کوردستان بوو هەروەها ئێمەکەهاتین 500 خێزان بووین .لەسەردەمی جەنگی جیهانی یەکەمەوە ڕوویان کردۆتەبەلوچستان. زیاتر ڕونی دەکاتەوە دەڵێت: ئێمەلەدەوروبەری شاری قامیشلی-یەوە هاتوین، ئێمە بەو هیوایەین کە ڕۆژێ لەڕۆژان بگەڕێینەوە، بۆنیشتمانی خۆمان واتە کوردستان.

# چاوخشاندێك بە چەند ژمارەیەکی تاراوگەدا....

## نوری کەریم/ ئەڵمانیا- بەشی دووەم









ـ هەرجارەی جوامێرێک ـ دکتۆرمحەمەد کەمال. بەڕاستی ئەم خوێندکارە کوردە تینوی زانست و خولیای خۆ پێگەیاندن، نمونەی کوردێکی جوامێرە،تەنیاو پشت بەخۆی بەورەیەکی بەرز و ماندونەناس و نەفەس درێژ دەگات بە ئامانجە پیرۆزەکانی و شانازی یەک بۆ نەتەوەکەی تۆماردەکات نە دکتۆر محەمەد کەمال لە حەفتاکانی سەدەی (سەتەی) رابوردووە و لەگەڵ هاوڕێکانیدا بەناڕاستەوخۆ (بەناڕاستەوخۆ لەگەڵ هاوڕێکانێدا) گروپی وجودیەکانیان(وجودی یەکانیان) دامەزراند..بەشێک لە کتێبی "کێشەی بوون لە مێژووی فەلسەفەدا"(بون لە مێژوی)فەلسەفەدا(+ی) نووسیوە(نوسیوە)، بەڵام بەهۆی ںارودۆخی جیاوازەوە (بەهۆی چەندین هۆکارەوە) لەکاتی خۆیدا چاپ نەکرا. دکتۆر محەمەد کەمال بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی، سەرەتا رو لە پاکستان دەکات و بڕوانامەی ماستەر وەردەگرێت و ماوەیەک مامۆستا بووە، ئینجادکتۆراکەی لە ئەڵەمانیا وەردەگرێت وروودەکاتە ئوسترالیا و لە زانکۆی مالبۆرن وانە دەڵێتەوە.چەندین کتێبی بە زمانی کوردی نوسیوە لەسەر فەلسەفە و فەیلەسوفەکان و چەندین کتێبیشی لە ئینگلیزی یەوە وەرگێڕاوە بۆ کوردیی..

ـ یاداشتە پەڕاگەندەکان،ەسینا.. گۆشت و گۆشتاو ـ سەردار مەحمو. نوسەر لاپەڕەیەکی ژیانی ئاوارەیی لە شاری ئەسینا ی یۆنان دەگێڕێتەوە: (..کابرایەکی پیر پەیدابوو بوو(پەیدابوبو)، رۆژانە کوڕێکی گەنجی لەگەڵ بو، بەبازاڕ و ناومالانی ئەو شارەدا دەگەڕا و سواڵی بۆ ئەو خەڵکە دەکرد و ئێوارەی لێ دەهات() بەخۆی و چەند گوێنییەک(گوێنی یەک) خۆراکەوە سەرو سەکوتی پەیدا دەبوو(سەروسەکوت بۆ کەسانی بێزراو،نەیار و ناحەز بەکاردەهێنرێت)، ریزی پێ دەبەستین(پێدەبەستین) و خۆراکی پێ دەداین (پێدەداین).شێرکۆی عیزەت ئەم پیاوەی ناونابوو خدری زیندە.(ناونابو خدری زیندو،)ئەو هەر بەڕاستی خدری زیندەبوو،(ئەو هەر بەڕاستیی وەک خدری زیندو بو،)چونکە نەماندەزانی چۆن ون دەبوو،(دەبو،)چۆنیش پەیدا دەبویەوە.بەڵام پیش ئەم باسانە(پێش ئەم باسانە) چەند..

گێڕانەوەی ئەو یادگاری یەی کاک سەردار مەحمو پەندێکی تێدایە( گەلی بردەران، دەی خۆ ئێوە گۆشتەکە ناخۆن، بەڵام گۆشتاوەکە دەخۆن،(+خۆ) گۆشتاوەکە حەرامترە! دەیانگووت() وەڵا خۆ راست دەکەیت.ئەوسا هەموو بڕیاریان دەدا،(،ناوێت) لەمەولا،(،ناوێت) یا گۆشتەکە(یا گۆشتەکەش) دەخۆن،(،ناوێت) یان گۆشتاوەکەش ناخۆن! (+،)بەڵام تەرکی عادەت نەخۆشی یەو بازدان بەسەر کەڵچەردا پاڵەوانی خۆی دەوێت.. بۆیە من ئەمە زۆر نابەستم بە ئاینەوە، چونکە زۆربەی زرۆری ئەو برادەرانە نەچاوەڕوانی شەرابەن تەهوریان کرد(دەکرد) و نە وەفایان بۆ ژنە جێماوەکانیان و حۆریەکانی بەهەشتی مەوعودیش هەبو..گەلێکمان چوینە حوزوری ئەو کیژ رووس و ئۆکرانی (ئۆکرانیی) و وڵاتانی تری ئەوروپای رۆژهەلات.(نایەوێت) کە ئەگەر لەشفرۆشی(لەشفرۆشیی) لێ بترازێت،بێزیان نەدەهات تۆقەش لەگەڵ ئەو سەروبیچمانەی ئەو دەمی ئەو خەڵکە لانەوازەدا بکەن..

ـ زانایانی کورد لەچاوی بێگانەوە ـ نوسینی تاراوگە. بەش بەحالی خۆم دڵنیانیم ئەم دکتۆر کازم حەبیب ە،خۆیە یا بێگانەیە، عەرەبە یا کوردە!؟ کە ئەم وتارەی نوسیوە: ئێوارەیەک لەگەڵ زاناو شاعیرو توێژەری ئەکادیمی کورد فریاد فازیل عومەردا- نوسینی کازم حبیب(کازم حەبیب). دو خاڵ جێگەی سەرنجن،یەکەمیان قەدری زێڕ لای زەڕەنگەرە. وشەی زەڕنگەر وشەیەکی هەڵەیە و هەڵەیەکی باویشە بەتایبەتیش لە دەڤەری سلێمانی. وشەکە ئاوێتەیە لە دوبڕگە، بەڵام ناچێتەوە سەر بنەمایەکی رێزمان، بەڵام زێرینگەر کەبرییتی یە لە دو بو بڕگە(زێڕین + کار) وەک کرێکار، شەوکار، سەرکار..یا(زێڕین +گەر) وەک شیرگەر،شەوگەر..

سەرنجی دووەم (لییان پرسیم: چاوت یان وڵاتەکەت کامیانت زۆرتر خۆش ئەوێت؟ وتم: چاوم، وڵاتەکەم هەردوکیانم وەکو یەکتر خۆش ئەوێ، بەڵام، ها، بگرە،() ئەوە چاو ، لێگەڕێ با منالەکەم بە سەربەستی لە وڵاتەکەمدا بگەڕێت.(.. بەڵام ها بگرە ئەوە چاو، لێگەڕێ با منالەکەم (کوڕەکەم، کیژەکەم، منداڵەکانم بەئازادی (سەربەستیی)..

خۆشویستنی خاک و وڵات بەخۆشەویستیی چاو بەراورد ناکرێت، پێشمەرگەی کورد بەدەم دروشمی کوردستان یا نەمان ەوە شەهید دەبو. ریزو خۆەشەویستیم بۆ هاوڕێی دێرین و ئازیزم کاکە فەریاد عومەر،کاتی خۆی لەبارەی هۆنراوەکانی یەوە ئەو جۆرە سەرنجانەم راستەوخۆ خستۆتە بەرچاوی.

ژمارە(6) ، 1/ئاب2018 )

ـ هونەرمەندی شانۆکاری کورد(باکۆ سۆرانی) سەرۆکی گروپی شانۆی بێسنورلە1994ەوە سەرۆکی ناوەندی شانۆگەریی بێسنورە، کە شانۆکارانی کورد و هۆڵەندەیی و چەند نەتەوەیەکی دیکەی کۆکردۆتەوە و دەنگ و رەنگی کوردو کولتوری کورد لەژێر رەشماڵی کوردەواریدا دەگەیەنێتە دەوروبەر.

ـ یاداشتە پەڕاگەندەکان ـ سەردار مەحمو

بەرلە بابەتەکە ئەم پێشدەستی یەی (تاراوگە) دەبینین: (ئێمە وەک خوێنەرێکی بەردەوامی نوسینەکانی کاک سەردار مەحمو، کەبە نوسەرێکی کوردی تەنزنوسی لەقەڵەم دەدەین(وەک تەنزنوسێکی کوردی دەبینین)لە دو ژمارەی پێشووی(پێشوی) بڵاوکراوەی تاراوگەدا،(، ناوێت)دوو(دو) نوسینی بەڕێزیانمان بڵاوکردەوە، لەم ژمارەشدا(ژمارەیەشدا)نوسینێکی دیکەی ئەم نوسەرە ئازیزە بڵاودەکەینەوە.

یاداشتە پەڕاگەندەکانـ شەهیدی عیشق،

نوسینی: سەردار مەحمو.

هەمیشە لە سەری هەفتەدا(لە کۆتایی هەفتەدا) میوانی دوورمان (دورمان) دەهات..ئەی چی.. ماڵی بێ میوان ئەوەسە قەورسان. نوسەر بەسەرهاتێکی هاوڕێ یەکی دەگێڕێتەوە کە چیرۆکێکی قشتیلەیە،هاوڕێیەکی دڵشکاویان بڕیاریداوە خۆبکوژێت،بەڵام هاوڕێکانی نازانن کە پێویستیی بە گرنگی پێدان هەیە. نوسەر دەڵێت(کاکە ئەمانە داوای دڵنەوایی و نەوازش دەکەن، ئەگینا کەسێک کە دەیهەوێ خۆی لەناوببات، نایەوێ ئاوا شەنی تێ هەڵبدات(تێهەڵبدات). بەسەرهاتەکە کۆتایی یەکەی لە سەرەتاکەی سەرنجڕاکێشترە.وشەی بێگانەشی زۆر تێدایە، هەرچەن برایانمان لە کوردانی ئەودیو زۆر گلەییشیان لێناکرێت.. لەو بابەتەی کاک سەردار مەحمو دا ئەم وشانە بەرچاودەکەون: معامەلات، حەساس، جدی، جەماعەت، تەئسیرات، موعانات.

ـ هۆنیاکچی کاک قارەمان برایم حەمە خورشە، کچە مەلەوانێکی سەرکەوتووە لە لەهۆڵەندا و هێژای برایشی یاریزانێکی تۆپی پێی یانەی(تریک فوخلس)ە کە لە پلەسێی ریزبەندیی یانەکانی هۆڵەنددایە.وێرای سەربەرزیی و شانازیم بەو دو رۆڵە کوردە،دڵنیام ئەوانیش زۆر سەربەرزن بەوەی منداڵی کەڵە پیاوێکی وەک شەهید برایمی حەمە خورشەن کە یەکێک بو لە هەرە پیاوە ناسراو و بەرچاوەکانی سلێمانی..

بڕوانە ل 4

# ترآژیدیای خێرخوازێکی هۆڵەندیی لەباشوری کوردستان بەسەرهاتی ژیانی (لیکس ئارنسن)ی جولەکە و بنەماڵەکەی دەگێڕێتەوە.

## گوتارێکی درێژی دکتۆر جەبار قادرە بەمیتودێکی ئەکادیمیانە و بەبەڵگەو سەرچاوەوە نوسیوێتی

ـ چۆن تورکەکان، کورد لەزێدی خۆیانەوە رادەگوێزن؟ نوسینی بەکر شوانی نوسەر و رۆژنامەنوسی ئەڵەمان(ئینۆ لینتسی)وێنەیەکیساڵی 1916 ی بڵاوکردۆتەوە لە ئەرشیفی (دوێچەبانک)ەوە. ئەو وێنەیە تاکە بەڵگەیە کە چۆن تورکەکان کورد رادەگوێزن بەپێچەوانەی راگواستنی ئەرمەن و ئارامی() وگەلانی دیکەی کریستەکانەوە، راگوێزانی کوردەکان چڕوپڕ ونهێنیتر بوە بۆ ریشەکێش کردنیان(ریشەکێشکردنیان، )ئەمەش لە ئەوروپا نەزانراوە وەک چۆن عەرەبیش لە کەرکوک و موێڵ و حەڵەب ئەنجامیان داوە و فارسەکانیش کوردیان بۆ هەرێمی خۆراسان راگواستووە.

ـ ئەگەر کچەکانمان بدەنەوە، هۆنراوەی دلاوەر قەرەداخی بۆ رفاندنی کچە ئێزدی یەکانی کۆیلەی بندەست چەکدارانی داعش:

)ئەگەر کچەکانمان بدەنەوە
ئەمجارە بۆ ئوەی نەناسرێنەوە
بەزەخرەفە ونەخش و نیگار ئەیانچنین
نەبا بدزرێن
وەک عەترێکی دڵتەنگ لەخۆمانیان دەدەین
تا بەچاوەوە نەبن(

هۆنراوەیەکی پر لە هەست وسۆزە بۆ کچە رفێنراوەکانی دەستی رەشی داعشەکان وێنەی شیعریی جانی تێدایە، بەڵام هەرچەندمکرد تێنەگیشتم(مەبەست لە عەتری دڵتەنگ چییە(

ژمارە(7)10ی ئاب2018

ـ ئینیستیتوتی خوێندن کوردیی لە بەرلین، وتارێکە باس لە کارو بەرهەمەکانی مامۆستا فەریاد فازیل دەکات بەتایبەتیش وەرگێڕانی مەم و زین ی ئەحمەدی خانی بۆ هەردو زمانی ئەڵەمانیی و ئینگلیزی و رازاندنەوەی بە حەفتا تابلۆی هەنەرمەندێک کەناوی هونەرمەندەکە ئاشکرا نەکراوە !

ـ ئیدیۆم لە زمانی کوردیدا، نوسینی بەختیار شەمەیی بابەتێکی گرنگ وبەکەڵکە، چونکە ئیدیۆم هێشتا زاراوەیەکی نوێ یە و هێشتا زۆرێکمان پێی ئاشنانەبوین ..سەرەتای وتارەکە نەکەوتۆتە ژێر ناونیشانەکە!

ـ رۆمانی یاد، کچە بێ مێژووەکە.نوسینی دکتۆر سەروەر جوانرۆیی کە پزیشکێکی سەرکەوتووە لە بواری دەروونناسیدا.نوسەر دەڵێت ساڵی1989 رەشنوسی چیرۆکەکەیی تەواوکردووە و2007 تێهەڵچۆتەوە و 2014 بەزمانی هۆڵەندیی پاکنوسی کردووە و دەستگای(نۆبلمان)چاپ و پەخشی کردووە.

ـ چەند راستییەک لەبارەی درۆ! نوسینی مزەفەر عەزیز، بابەتێکی زانستیی دەرونیی کۆمەڵایەتی یەو تیشک دەخاتە سەر چەند راستی یەک و دەڵێت{درۆ بەتایبەتی(یی)لەتەمەنی18-34دەکرێت، لەنێوان هەر10دە خولەک(لەهەر10دە خولەکێکدا) بەتایبەتی لاوان(بەتایبەتیش لاوان)درۆیەک دەکەن، بەزۆریش لەگەڵ دایک وباوکدا.دوای لاوێتیش درۆ هەردەکرێت بۆ خۆدەرخستن وسەلماندنی ئەوەی کە منیش هەم و سەرکەوتوم.90%پرۆفایلەکانی ئینتەرنێت درۆیە لەبارەی تەمەن، کێش، باری خێزانی(لەبارەی تەمەن، کێش وباری کۆمەڵایەتی یەوە درۆیە)، 40%ی گێڕانەوەکانی مێژووی(مێژوی) ژیانیش(هەر) درۆیە.بەپێی ئامارێکی زانستی(زانستیی) درۆ لەگەڵ هاوسەر69%(بەرێژەی69%و لەگەڵ)دایک وباوک(+بەڕێژەی)86 % و هاوڕێ (لەگەڵ هاوڕێ دابەرێژەی75% و (+لەگەڵ)خوشک و برادا(+بەڕێژەی)73%(+یە).}ئەوەشمان لەبیربێت سەرچاوەی باسەکە دیاری نەکراوە!

ـ مەلاش هەڵەدەکات. نوسینی دانا هەڵەبجەیی: چەند نمونەیەکی لە دەستکاریکردن و گۆڕین کردووە لە تێکست دا وبابەتێکی بەکەڵکە: عەلی مەردان لە هۆنراوە بەرزەکەی بێکەس دا (تۆ وێڵ و رەنگ زەرد بەئاسمانەوە، منیش دەربەدەر بەشارانەوە)دەڵێت تۆ یۆڵ و سەرگەرد.رۆژانەش ئیستەنبوڵ ئەکەنە ئیستەمبوڵ(سوڵتان محەمەدی شارگر(محەمەدی فاتیح) یاڵی1514کۆستانتینا داگیردەکات و بڕیاریدا پێتەخت لە (ئەدەنە) وە بگوێزنەوە وناوەکەشی بگۆڕێت بە ئیسلام پول ـ گەنجینەی موسوڵمانان، بەڵام ئەو ناوە نەچەسپاو نەکەوتە سەرزاران و ئەستەمبول جێگەی دەگرێتەوە. ئێرانی یەکانیش بە (ئەستانە) ناویان دەبرد، لە زمانی کوردیشدا بووە بە ئەستەموڵ)(1)

یۆنان/وێنان، بالانبۆ/بالامبۆ، ئاسایش/ئاشایس، دیذ هاخ/دانهاخ، هوشیار/وشیار، عەلمانی/عیلمانی، سۆ سیالیست/سۆشیالیست،

قەرەخەرمان/قەلەخەرمان(ئەمەیان لەبەر دڵی قەلخۆرەکانە).ئینجا کاک دانا هەڵەبجەیی دەماری لایەنە رامیاری یەکانی باشوری گرتووە کە تەنانەت ناوەکانیشیان لەگەڵ ناوەڕۆکیاندا جوت ناوەستن و نوسیوێتی(کەواتە ئاساییە کە وشەیەک، دەستەواژەیەک(دەستەوشەیەک) بەهەڵە لە زارمان دەرچێت، بەڵام ئاسایی نییە کە ناومان دیموکراسی (دیموکراسیی) بێت و هەرگیز دیموکراسی نەبووین(نەبوین) و نەبین، ناومان یەکێتی بێت و دوپارچەمان لێبێتەوە، ناومان سۆسیالیست بێت و خێڵەکی بین، ناومان یەکگرتو بێت و کەچی وەک گەلای دارهەڵبوەرین، ناومان گۆڕان بێت و لە شوێنی خۆمان هەلۆڕەبکەین یا وەزیر و ئەندام پەرلەمان بیت و بەزمانی لاکۆڵان و شەقام ئاخافتن بکەیت(بدوێیت(

ـ نوسەری کورد ئیبراهیم سەلمان دووساڵ شاعیری شارەوانی ئەمستردام بووە. هەرکە ناونیشانەکەم بینی راستەوڕاست ئەوەم بەبیرداهات کە کاک ئیبراهیم گرێبەستێکی لەگەڵ شارەوانی دا کردووە کە دویاڵ هۆنراوەیان بۆ بنوسێت، بەڵام سەرەتای وتارەکە بەمجۆرەیە:{میری ئیمانداران(خەلیفە) بڕیاریدا من بکات بە شاعیری دیوانی خۆی.ئێستە منم شاعیری دیوانی ئەو(+،) من دەتوانم کەنیزەکەکانی بۆ هەڵبژێرم{..

ـ هەرجارەی هونەرمەندێک : هونەرمەند محەمەد ئیسماعیل تابلۆیەکی زۆر جوان وپڕ لەواتای نەخشاندووە کە دەتوانم بلێم سەرتاپای مەرگەساتی دیرۆکی کوردی تێدا کۆکردۆتەوە کە هەرکوشتن و قەلاچۆکردن بووە.تابلۆکە بریتی یە لە ژمارەیەکی زۆر کورد گردێک لەبەردەم مزگەوتێکدا گیانیان کێشراوەو لەشێوەی گردیکدا بەسەر یەکتردا کەوتون! بەڕاستیی تابلۆکەیە پڕاوپڕە لە هەست، لەکوردبون و تێڕامان.. بریا تابلۆکە ناوێکی هەبوایە، بۆنمونە(ژیان لە ژێر سێبەری منارەدا)،

(1)تکایە بڕوانە نوری کەریم، پانۆڕامای دیرۆکی دێرین و نوێی کورد، بەرگی یەکەم لاپەڕە/185

ژمارە(8) 208/8/20

ـ تراژیدیای خێرخوازێکی هۆڵەندی(یی) لەباشوری کوردستان. وتارێکی درێژی دکتۆر جەبار قادرە بەمیتودێکی ئەکادیمیانە و بەبەڵگەو سەرچاوەوە نوسیوێتی. بەسەرهاتی ژیانی (لێکس ئارنسن) ی جولەکەو بنەماڵەکەی دەگێڕێتەوە کەهەرهەمو ئازارو ئەشکەنجەو تاڵاوی کەمپەکانی نازی یەکانیان...

بڕوانە ل 5

# هەرجارەی هونەرمەندێکی کورد، گۆشەیەکی روناکە بۆ ناسینی هونەرمەندەکانمان، ئاشنابون بە بەرهەمەکانیان، هاندان و پشتگیرییان وچاندنی بەهرەی چێژی هونەریی لای تاکەکان...

وتەنیا خۆی ودایکی لەمردن رزگاربون. لێکس مرۆڤێکی مرفدۆست و جەربەزە بو، ژیانی خۆی تەرخانکرد بۆ رزگارکردنی مرۆڤە بێکەس وبێلانەکان لەهەرکوێیەک بن و گەیاندنیان بە هۆڵەندا.ئەوکاتەی خۆی دەگەیەنێتە باشوری کوردستان،زۆرنابات رێکەوتنە شومەکەی جەزایر لەنێوان یەدام حسەین و شای ئێراندا لە1975/3/6 مۆردەکرێت..ئەمیش لە کەرکوک دەستگیردەکرێت و دواتر لەسێدارە دەدرێت. دو تێبینی بچکۆلەم هەیە، یەکەمیان(شەڕی دووەمی جیهانی) هەرگیز رەوا نییە جەنگێک پتر لە بیست ملیۆن مرۆڤی تێدا لەنێوبچێت ناوبنرێت شەڕ! بۆ بەیەکدا هەڵپرژانی دو منداڵ یا دو کەڵەشێریش هەردەڵێن شەڕ!؟ دووەم هەردو رستە(..پێویستییان بە هاوکاری بەپەلەیە و پێویستیان بە هاوکاریی بەپەلەیە) لەشێوەدا چونیەکن ،بەڵام لە واتادا جیاوازن.یەکەمیان واتای پێویستیان بەکەسێکی گورجوگۆڵە کە بە پەلە بێتەدەست و کاربکات،بەڵام ئەوەی دووەمیان واتا پێویستیان هاوکاریی و کۆمەکی خێرا هەیە. ئەوە جیاوازی وشەی هاوکاری و هاوکاریی دیاردەخات.

ـ یادەوەرییەکی سەردەمی لاوێتی..نوسینی بەختیار شەمەیی.کاک بەختیار لە ئەم وتارەدا یادەوەریی یەکەمین جار خوێندنەوەی کتێبی زەردەشت لە نوسینی شەهید مامۆستا شاکیر فەتاح دەگێڕێتەوە کە1967چاپ و بڵاوکراوەتەوە.

ـ سڵاو لە بێوار وتارێکە،نوسینی هیوا سەرهەنگ وتاراوگەش کورتە پیشەکی یەکی بۆ نوسیوە.سەرەتا چەند تێبینی یەکم لەسەر پێشەکی یەکە هەیە کەنوسیوێتی(.. پاش دامەزراندنی کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان لە ئەوروپاش، هەر لە ساڵانی شەستەکانی سەدەی(سەتەی) پێشووەوە، بڵاوکراوەی کوردی بە هەمو جۆرەکانی رۆژنامە و گۆڤار، بەردەوام لە زۆربەی وڵاتانی ئەوروپادا بڵاوبونەتەوە..) تێبینی یەکەم: کۆمەڵەی قوتابیانی کوردستان بو، نەک کۆمەڵەی خوێندکاران.دووەمیش کە وتراکۆمەڵەی خۆێندکارانی کوردستان، پێویستە عەرەب و تورکمان و کلدۆ ئاشوری یەکانیش بەئەندام وەربگرێت چونکە کوردستانین،بەڵام ئەو رێکخراوە تێکۆشەرە کە مێژوییەکی پرشنگداری هەیەو دەبێت شانازی پێوەبکەین تەنها بۆ کورد بو.تێبینی دووەم: رۆژنامە بەو بڵاوکراوەیە دەوترێت کە رۆژانە چاپ وپەخش دەکرێت،کەواتا هەتا یاڵی1992کە رۆژنامەی کوردستانی نوێ لە باشوری کوردستان بڵاوکرایەوە،کورد رۆژنامەی نەبووە. تێبینی سێیەم ئەو چاپەمەنی وبڵاوکراوانەش کەلە ئەوروپا بەرەنج و کۆششی دڵسۆزان لەئارادا بون، نەبەردەوام بون و نە لە زۆربەی وڵاتانی ئەوروپاش بڵاودەبونەوە.. سەرنوسەری بڵاوکراوەی(بێوار)بەڕێز هیوا سەرهەنگ جێگە دەستی دیارە،لەماوەی1996/8/15ئاب ـ ئەیلول2007بەرەنج و ماندوبونێکی دڵسۆزانە127 ژمارەی بڵاوکردۆتەوە،لە1996 ەوە ژمارەکانی (بێوار)م بۆ دەهات،دیوانێکی کاک باقڵ هیوا سەرهەنگ پشم وەک دیاری بەدەست گەیشت.بڵاوکراوەی بێوار خزمەتێکی بەرچاوی گەیاند،بەداخەوە کە ئەو چرایەمان کوژایەوە.دەستە وشەیەکیش لە وتارەی کاک هیوا سەرهەنگ جێگەی سەرنجن : تێکەڵبوونی عەقڵانیەت بە کۆمەڵگە نامۆکان.پێدەچێت مەبەستی لە تێکەڵاوبونێکی هوشیارانە یا ژیرانە بووە.

ـ عەبدوڵای کوردستانی و هارتمانی نەمسایی، نوسینی بەکر شوانی

نوسەری نەمسایی مۆریس هارتمان،بەسەرهاتی یەکێک لە سەرکردەکانی شۆڕشەکەی یەزدان شێری جزیری دژی عوسمانیان لە1854دا.هارتمان چەند لاپەڕەیەک لە گەشتنامەکەیی تەرخانکردووە بۆڵ{چۆن ئەو لاوە کوردەی ناسیوە}کە ئەڤینداری ناتالیای کریست بووە،{هۆنراوەیەکیشی لە ژێر ناوی(عەبدوڵابەمجۆرە بۆم دوا، لەدیوانەکەیدا داناوە کە1858 چاپکراوە و(بە) یەکێک لەشاکارەکانی ئەدەبی ئەڵەمانیزمانی(گەلانی ئەڵەمانزمان)ی سەدەی نۆزدەیەم دادەنرێت.}لە نیوە دێرێکی هۆنراوەکەدا دەڵێت: هەرگیز گوێم لێ نەبو دوێنێ گازندت هەبێ(پێدەچێت هەڵەی چاپ واتاکەی شێواندبێت)!

ـ هەرجارەی هونەرمەندێکی کورد،هونەرمەند ئاراز حەمە حسێن: گۆشەیەکی روناکە بۆ ناسینی هونەرمەندەکانمان، ئاشنابون بە بەرهەمەکانیان، هاندان و پشتگیرییان وچاندنی بەهرەی چێژی هونەریی لای تاکەکان و بەتایبەتیش نەوەی نوێ.تابلۆکانی هونەرمەند ئاراز بەهەستێکی کوردانەوە نەخشێنراون، هەرکوردێکی خاوەن سەلیقەی هونەریی بە چاوی تێرامان بیبینێت، خۆی وباوک ودایک و خۆشەویستەکەی لە هێڵ ورەنگەکاندا دەبینێتەوە.

ژمارە(9)،2018/9/15

ـ پرۆژەی بیبلۆگرافیای کوردوکوردستان بەرهەمی رەنج وماندوبونی کاک بوار نورەدین،بەسەرکردنەوەی 5680کتێب کەلەماوەی 90 ساڵی نێوان1920 ـ2010لە باشور و بەشەکانی دیکەی کوردستان بەپیتی کوردی ،عەرەبی و لاتینی پەخشکراون و(ئیندیکس)یشی بۆ رێکخستون.. کاک رەنج بەوکارەی کەلێنێکی گەورەی لەبواری بیبلۆگرافیادا بۆ پڕکردوینەتەوە و دەبێتە تەواوکاری بیبلۆگرافیاکەی مامۆستا عومەر مەعروف بەرزنجەیی.

ـ کوردانی هەندەرانشین– ژیلوان و هەزار دۆلارییەکان (دۆلاری یەکان)،نوسینی بەختیار شەمەیی، سەردەمێک کوردانی باشور قەشمەرییان پێدەکردین و بەناو وناتۆرەی وەک هەزار دۆلارییەکان و ژیلوان.ئیتر نازانم ئەو ناوەیان لەچییەوە بەسەر کوردانی هەندەراندا دابڕیوو؟ پێدەچێت کاک بەختیار لەیادی نەمابێت کە ناتۆرەی ژیلوان بۆ یەکەمین جار لەئەڵقەیەکی بەرنامەی کەشکۆڵ داو لەدەمی شانۆکاری ناسراوی کورد کاک عومەری کەریم ئاغاوە بڵاوبووەوە.

ـ گەورەم سالم،نوسینی بەکر شوانی، چامە بەنێوبانگەکەی وەڵامی سالم بۆ نالی دەبەستێتەوە بە پرۆژەیەکی نەتەوەیی پیرۆزەوە بۆ دۆزینەوەی گۆڕی حاجی قادر و نالی کە (گۆڕون یا گۆڕغەریبن).نوسەر داوادەکات خەمخۆران بکەونەخۆیان وکەمپین رێکبخەن بۆ رێگرتن لە بێڕێزی کردن بەرامبەر گۆڕی مردوان.

ـ هیچ هەنارێ نییە دەنکێکی لە هەناری بەهەشت تێدا نەبێ

ـ دلاوەر قەرەداخی.کاک دلاوەر هەردو رۆمانی شاعیری عێراقیی سینان ئەنتۆن(تەنها دار هەنارەکە خۆی) و(هۆ مەریەم)ی بە تام وچێژەوە خوێندۆتەوە و دەڵێت شاکەسەکانی(پاڵەوانەکانی) رۆمانی یەکەم گەنجێکی پەیکەرتاش(پەیکەرساز ـ کۆتەڵساز) ە بە ناوی جواد (جەواد)و دایک و باوک و کەسوکارەکانی(ئەو هەمووە نابنە پاڵەوانی تێکستێک) شیعە مەزەبن و ئەندامانی خێزانی (یوسف) یش کریستین. باوکی جەواد مردوشۆرە،جەواد یارمەتی دەدات، بەڵام کە لە ئەکادیمیای هونەرە جوانەکان وەردەگیرێت لەو حەز و خۆزگەیەی باوکی دوردەکەوێتەوە (مردوشتن کەی حەزو ئارەزووە؟)سەردەمی شەڕی ناوخۆی دوای روخانی یەدام ناچار دەبێت سەرلەموێ دوکانی مردوشۆریەکەی(شۆری یەکەی) باوکی بکاتەوە. خێزانی دووەم یوسف و خێزانەکەیەتی،یوسف دەکەوێتە بەرهەڕەشەو ناچارکردنی کە زێدی خۆی و ئەو خانووە جێبهێڵێت کە پەنجا ساڵە تێیدا دەژی.

بڕوانە 6

# پاشماوەی نوسینەکەی مامۆستا نوری کەریم
# چاوخشاندنێك بە تاراوگەدا

خۆی بە تەڵەداوەکانی (تاڵە داوەکانی)یادەوەری (یادەوەریی) رابوردویەکی خۆش و زیندووە گرێداوە(گرێدەدات).( مەها) برازای( یوسف) ە، پەنا دەباتە بەرماڵی یوسف(چاوەڕێی وادەی کۆچە لە وڵاتێ کە هەست دەکات وڵاتی خۆی نییە). ئەوەی سەرنجڕاکێشە رۆماننوسەکە(سینان ئەنتۆن) بەوەدا کەیاڵی1995 باوەڕنامەی ماستەری لە زانکۆی جۆرج تاوان و یاڵی 2006 باوەڕنامەی دکتۆرای لە زانکۆی هارفارد وەرگرتووە،کەواتە سەردەمی روداوەکانی کەوتنی یەدام و شەڕی شیعەو سوننە لە عێراق نەبووە و لە روداوەکاندا نەژیاوە.

- پیاوی سیاسی(یی) دەبێت ساحێبی(خاوەنی)قسەی(وتە و بەڵێنی) خۆی بێت،نوسینی موزەفەر عەزیز، وتارێکە هۆشدارییی دەداتە دایکان وباوکان لە بەکاربردنی بەربڵاوی مۆبایلی زیرەک تەنانەت بەدەستی ئەوانەشەوە کەتازە سەریان لەهێلکە جوقاوە.موزەفەر دەڵێت(سەرۆکی فەرەنسا ماکرۆن یەڵێنی بەدەنگدەران دابو، ئەگەر سەربکەوێت(ئەو ئامێرە) لەزۆربەی فێرگەکاندا قەدەغە دەکات.راستگۆ بو،بەڵێنەکەی کردە یاسا و لەکۆتایی تەموزی2018(دا) بەسەر12ملیۆن خوێندکار..قوتابی،خوێندکار نمرەکانی نزمە..)جگە لەوانە ژەمەکانی خواردن و کاتی خەوتن دەشێوێنێت ،پەیوەندیی نێوان منداڵ و دایک و باوک لاواز دەکات و نیشانەکانی شەڕەنگێزیی و گۆشەگیریشی لێدەردەکەوێت.

- رۆماننوس خالید حوسێنی ئەفغانیی،نوسەرێکی فرەبەرهەم و پڕفرۆش و بەرهەمەکانی بەچل زمان بڵاوکراونەتەوە کە بەنێوبانگترینیان رۆمانی(کۆلارەوان)ە وتەنها لە هۆڵەندا ملیۆن ونیوێک دانەی فرۆشراوە.دوابەرهەمیشی رۆمانی(نوێژێک لەسەر دەریا) کەپاڵەوانەکەی(ئالان کوردیی)ە،ئابی2018 بە ئینگلیزیی و زۆربەی زمانە زیندووەکان پەخشکراوە.کاک موزەفەر دەخوازێت بەزمانی(ئالان کوردیی)ش چاپ و پەخش بکرێت.

— عەبدوڵای کوردستانی ب2- بەکر شوان

- رێزلێنانی خاتو بۆنی نۆرمان و دکتۆر چیا ساحبقران(ساحێبقڕان)ی هاوسەری.ئەودو بەڕێزە شایستەی ئەورێزگرتنەن..کۆتایی ساڵی1987 لەهۆڵەنداوە دەچنە سوریا و دوای دومانگ چاوەڕوانی ڤیزەی ئێران وەردەگرن و لەوێوە دەچنە ناوچە رزگارگارکراوەکانی باشوری کوردستان.خاتو بۆنی نۆرمان لە شێنێ و زەڵێ دو رییۆرتاژ بۆ میدیاکانی هۆڵەندا دەنێرێت و لەڕێگەی گەڕانەوەشدا بەکرماشاندا دیدەنی قوربانیانی چەکی کیمیایی دەکەن و بەدەنگ و رەنگ تۆماری دەکەن ودەینێرن بۆ میدیاکان.
لەراپەڕینەکەی1991یشدا بەهاوکاریی چەند دۆستێکی کورد لە هۆڵەندا چەندین چالاکیی بەرچاویان هەبوو ..

# سەرنجێکی پێویست

لێرەدا نوسینەکەی مامۆستا نوری کەریم، کوتایی هات، وەک خۆی چۆنی بۆ ناردبووین، ئاوا لە تاراوگەدا بڵاوکراتەوە، ئێمە ڕێگەمان بەخۆمان نەدا، تەنانەت لە ڕووی هەڵەی چاپیشەوە، هیچ دەستکارییەکی گوتارەکەی بکەین. تاراوگە پێی باشە ڕێساو یاسای بڵاوکردنەوە، بە ڕێنوس و ڕێزمانێکی ستاندارت، لە هەموو چاپەمەنییەکدا هەبێت. هەندێ پرنسیپ و ڕێسا هەیە، ئێمە لای خۆمانەوە پەیڕەوی دەکەین، بەڵام بەداخەوە، نوسەرەکانمان هەریەکەی بە مەزاجی خۆی دەنوسێ، هیوادارم لە ئایندەدا بتوانین ئەو ڕێسایانە یەکگرتوو بکرێت پەیڕەوی بکەین.

# هەندێ ڕاستیی مێژوویی و جوگرافی
# تا ساڵی 1923 نە شارێك، نە ئاواییەك، نە دەوڵەتێك
# لە سەر نەخشەی جیهان و ڕۆژهەڵات، نەبووە بە ناوی تورکیا،

دکتۆر جەبار قادر–هایلۆ ، هۆڵەندا

تا ساڵی 1923 نە وڵاتێک، نە شارێک، نە ئاواییەک، نە دەوڵەتێک لە سەر نەخشەی جیهان و ڕۆژهەڵات هەبوو بە ناوی تورکیا، بەڵکو ئەم جوگرافیایە بەشێک بوو، لە دەوڵەتی عەلییەی عوسمانی. تا ساڵی 1921 یش وڵاتێک یا دەوڵەتێک بە ناوی عێراق نەبوو، کاتێ باسی عێراقیش دەکرا، مەبەست لە بەسرەوە بەرەو ژوور تا سامەڕاو تکریت و هیت بوو، کە هەردوو ویلایەتی بەسرە و بەغدا دەیانگرتنەخۆ، ئەمانیش بەشێک بوون لە دەوڵەتی عوسمانی. تا ساڵی 1925 یش وڵاتێک بە ناوی سوریا نەبوو، بەڵکو باس لە ویلایەتەکانی حەڵەب و شام و زوور...هتد دەکران، کە ئەوانیش هەر بەشێک بوون لە هەمان دەوڵەتی عوسمانی. ئەمە لە کاتێکدا تا ئەو ساڵانە، وڵاتێک هەبوو لە سەر نەخشەی عوسمانی و جیهان بە ناوی کوردستان، کە لە دوای شەڕی یەکەمی جیهانیەوە کرابە سێ بەشەوە. تورکیا ناوی "بەشەکەی" خۆی ناوە باشوری ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ، کە لە ڕاستیدا ئەناتۆلیایە "واتا ڕۆژهەڵات" نەک ئەنادۆڵو. ئەناتۆلیاش بە پێی هەموو سەرچاوە جوگرافی و مێژووییەکان تەنها ڕۆژئاوای ئاسیای بچووکی دەگرتەوە، نەک کوردستان و ئەرمینیا و لازستان. عێراقیش بۆ دەمێکی درێژ ناوی "بەشەکەی" خۆی نابوو باکوری عێراق"شمال العراق"، زۆر جار حەبیبێکیشی پێوە دەکرد. سوریا هەر بە پێویستی نەزانی ئەو ناوانەشی لێ بنێ، بەڵکو بە یەکجاری سڕییەوە و هەبوونی بەشێک لە کوردستان و کوردی لە نێو سنوورەکانی خۆیدا ڕەت کردەوە. باسی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ناکەم، چونکە ئەو هەر لە ژێر دەستی ئێران بوو، بەشێک نەبوو لە کوردستانی عوسمانی. ئێستا کە ئەم ڕاستییە مێژووییانە وەک زانیاری ئاسایی وەبیر دەهێنیتەوە و باسی مافی ڕەوای گەلی کوردستان دەکەیت بۆ بڕیاردان لە سەر چارەنووسی خۆی، کەسانی نغرۆ لە نەخوێنەریدا و هەرزەکاری سیاسی وات لێ پەیدادەبن، کە گوایە لەو سەری مۆدێرنیزم و وا ڤیعییەتەوە دێنەوە و دەزانن چۆن سیاسەت بکەن، دەتکەن بە هەواداری کوردایەتی دواکەوتوو و ڕیفراندومچی و...هتد... دە وەرە ئەم کەرە لەم قوڕە دەرکە(ئەم کەرە، لەم قوڕاوە دەربهێنە).!



ئەوەش نەخشەی عوسمانی ساڵی 1893

# ڕۆڵی هونەرمەندی ناسراوی کورد سیروان جەمال (سیروانی کەشکۆڵ) لە شانۆی هۆڵەندیدا





ڕەنگە کەم کەس هەبن، لە کوردستانی باشور بە گشتی و شاری سلێمانی بە تایبەتی، ناوی هونەرمەند سیروان جەمال (سیروانی کەشکۆڵ) ی نەبیستبێت و ڕۆڵە سەرنج ڕاکێشەر و کۆمیدیەکانی سەرسامی نەکردبێت. لەگەڵ ئەوانەسدا ئەم هونەرمەند کوردە، بەهرەیەکی باڵای دیکەی تێدا، ئەویش هونەری شێوەکارییە. سیروان جەمال چەندین تابلۆی ناوازەی کێشاوە. لە نوسینێکی کەماندا جارێکی دیکە لەو دەروازەیەوە باسی ئەم هونەرمەندە باڵایەی کورد دەکەین. لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، لە پاش ئاوارەبوون و نیشتەجێ بوونی لە هۆڵەندا، هونەرمەند سیروان جەمال توانیویتی، لەگەڵ هونەرمەندانی شێوەکاری هۆڵەندی ڕۆڵی خۆی ببینێ و جێگەی خۆی لەو بوارەدا بکاتەوە.

(Theatergroep Drang) تیپی شانۆی (درەنگ)، کە تیپێکی ناسراو و چالاکی هۆڵەندایە. چالاکی وتواناو ئەزمونی ئەم تیپە وای کردووە، کە کۆمپانیای گواستنەوەی هۆڵەندا، کە داوا لەم تیپە بکات، بەرهەمێکی هاوبەشی ئاهەنگ ئامێز و تەنز ئامێز، لەناو یەکەم ترام دا پێشکەش بکەن، بۆ ماوەی یەک هەفتە بە بۆنەی کڕینی 60 ترامی تازە بۆ شاری لاهای. بۆ ئەو بەرهەمە 9 ئەکتەری بە ئەزمون و پرۆفیشۆناڵیان هەڵبژاردبوو بۆ ڕۆڵ بینین. خۆشبەختانە سیروان جەمال یەکێک بوو، لەو ئەکتەرانە و ڕۆڵی جابی دەبینی.

ڕۆژی 2015–11–2 کاتژمێر 06:15 شەش و چارەکی سەر لە بەیانی ترامەکە کەوتەڕێ لە بەینی دوو شاردا.

هەر لە یەکەم ساتی سەرکەوتنی یەکەم کەس، ئەکتەر دەستی بە نوندن دەکرد بۆماوەی سێ کاتژمێر، بەشێکی زۆری بە شێوازی (ئیرتیجالی) پێشکەش دەکراو هەندێک جار ئەکتەر لە وێسگەکاندا دادەبەزین و نواندن دەبرایە ناو وێسگەکانەوە، بەردەوام بینەر بەشدار دەبوون لە ڕوداوەکاندا و لە گۆرانیەکاندا، بەزۆری هەندێک بابەت لەسەر ئاوازی گۆرانیە کۆنەکان دەگوترا، بە درێژایی ئازاوتنی ترامەکە، ئەکتەرەکان لە چوار بەشەوە ڕۆڵیان دەبینی، هەندێک جار دیمەنەکان جێگۆڕکێیان پێدەکرا، جارجار هەموو ترامەکە دەبووە یەک دیمەن، بۆ نموونە لە دیمەنێکدا وێنەی دروستبوونی یەکەم ترام لە ساڵەکانی 1920 دا قۆناخ بە قۆناخ، کە چۆن سەرەتا ئەسپ گالیسکەی ڕاکێشاوە و تاکو گەیشتووە، بەم قۆناغەی ئێستا، ڕوداوەکانی ئەوکاتە، بینەر وای لێدەکرا، کە ئاگای لە هەموو ڕووداوەکان بێت، ڕوداو لە دوای ڕوداو دروست دەبوو، سەلیقەی ئەکتەر وایکرد بوو سەرنشینە- بینەرەکان،





Shanogery (Broos) 27-03-2014. La Scheveningen

لەبیریان دەچووەوە لە وێستگەکانی خۆیان دابەزن، ئەکتەرەکان وایان دەکرد، کە بینەرەکان بەو گێرانەوەیە و بەو فلاشباکە زۆر بەختەوەربن و توشی شۆک دەبوون، کە دەگەڕانەوە ساڵانی 1920، ئەوەی جێگای سەرنج بوو لای بینەران، کە سەردەکەوتن جلوبەرگی جابیەکان بوو. لەگەڵ ئێکسسواری ساڵانی 1920 بوو، کە لە مۆزەخانەی ترامەوە وەریان گرتبوو، هەڵسوکەوتی جابیەکانیش هی ئەو ساڵانە بوو، یەکەم ڕۆژی پێشکەشکردنەکەش زۆربەی تەلەفزیۆن و ڕۆژنامە هۆڵەندیەکان ئامادەبوون و بەو بەیانییە زووە، کە خەڵکەکە دەچوون بۆ سەرکار و قوتابخانە و زانکۆی شارەکانی تر، هەرگیز بیریان لەوە نەکردبووەوە، کە دەبنە بینەری ئەو بەرهەمە. ئەکتەرەکانیان جێدەهێشت و ماڵئاواییان دەکرد، (دیارە مەبەستی سەرەکی ئەم بەرهەمە ئەوەبوو، کە خەڵکی ئەم وڵاتە لەبیریان نەچێتەوە، کە چۆن ئەو پێشکەوتنە لە سفرەوە دەستی پێکردوە و دەبێت هەمووومان خۆشمان بوێت و دەبێت هەمیشە هەوڵی ئەوە بدەین، کە وڵات جونتر بکەین و ئایندەمان باشتر بکەین، دیارە لەگەڵ ئەمانەشدا باس لە کەموو کوڕیەکان دەکراو ڕەخنە دەگیرا، هەر لەبەرئەوەی کە شانۆ کاریگەری لەسەر کۆمەڵگا و سیستەمی وڵات هەیە، هەر بۆیە ئەو پرۆژە گەورەیە، لە ڕێگەی شانۆکارانەوە پێشکەش بە خەڵکی دەکەن و گوێ لە تێبینی و بۆچونەکانی خەڵک دەگرن و بیر لە چارەسەرکردنی دەکەنەوە.

هونەری شانۆ و نواندن لایان بەهای هەیە، لەم بەرهەمەدا 9 ئەکتەر ڕۆڵیان دەبینی، کە هەموویان ڕۆڵی سەرەکی بوون و زۆربەی ئەو ئەکتەرانە ئەکتەری بە ئەزموون و ناسراوی هۆڵەندین، ئەکتەرەکان (Rogier,Cezanne, Pieternel,Tyche,Sirwan,Naomi,Claduio,Sophie

دەرهێنانی (Cezanne) سەرکەوتنی ئەم ئەزموونە وایکرد، جارێکی تر لە مانگی مارتی 2016 بۆ ماوەی یەک هەفتە و پێشکەش بکرێتەوە.

## هەرجارەی هونەرمەندێکی کورد



# ڕەمـزی قوتبـەدیــن

ساڵی 1955 لەخانەقین لەدایکبووە، باوک و باپیریشی وێنەگر، فۆتۆگرافەرێکی ناسرابوون لە خانەقین، کوڕی قوتبەدین کاکەیی خاوەنی وێنەگری ئەڵوەن بووە، ساڵی 1975 ئەکادیمیای هونەرەجوانەکانی بەغدا، بەشی گرافیکی تەواو کردووە.

لەنێوان ساڵانی 1982–1990 بۆتە پێشمەرگە و لەساڵی 1990وە چۆتە پاریس.

لەوکاتەوە لەفەرەنسا دەژی 29 ساڵ پێش ئێستا، یەکێکە لەناوە دیارەکانی هونەری شێوەکاریی کورد لەناو فەرەنسادا، تائێستاش چەندین پیشانگای تایبەتی لە فەڕەنسا وڵاتانی تری ئەوروپا کردۆتەوە.

پێشمەرگەی دێرین و هونەرمەند ڕەمزی، کە گەشتە فەرەنسای وڵاتی هونەر، لەو کاتەوە تا ئێستا کوردی بەفەڕەنسیەکان ناساندووە لەڕێگای تابلۆکانیەوە. لە بارەی ئیشەکانی (ڕەمزی قوتبەدین)ەوە، میسێل جۆرج بیرنارد دەڵێت، تایبەتمەندی ڕەمزی لەوەدایە دیدمان دەگۆڕێت بۆ ژیان لەڕێگەی تابلۆکانیەوە.
ڕەمزی قوتبەدین خاوەنی گەلەری تایبەتی خۆیەتی لەپاریس و تا ئێستا چەندین گەلەری پاریس ناسراوی پیشانگایان بۆ کردۆتەوە.

بۆ زانیاری زیاتر لەسەر کارە هونەرییەکانی بڕوانە ئەم لینکە:
https://www.facebook.com/search/top/?q=%D8%B1%DB%95%D9%85%D8%B2%DB%8C%20%D9%82%D9%88%D8%AA%D8%A8%DB%95%D8%AF%DB%8C%D9%86&epa=SEARCH_BOX










## تـــاراوگـــە

بڵاوکراوەیەکی کوردیی هەواڵی ناوبەناوە، بەشێوەی ئەلکترۆنی لە هۆڵەندا بڵاودەبێتەوە.

TARAWGA



E–mail : sardarfatah@live.nl

HOLLAND –Amsterdam
Mob& Viber& WhatsApp: +31684950807